بومەلەرزەیەک بە گوێی 4.3 پلەی ڕیختەر تورکیای هەژاند

ئەمشەو بومەلەرزەیەکی دیکە ئیستانبوڵی هەژاند و دانیشتووانی شارەکە بەتەواوی هەستیانپێکرد.

میدیاکانی تورکیا باڵاویانکردەوە، کاتژمێر 08:33 خولەکی ئەمشەو، بومەلەرزەیەک بە گوێی 4.3 پلەی ڕیختەر، ڕۆژئاوای شاری ئیستانبوڵی هەژاند.

ئاماژە بۆشکراوە، هاوڵاتیانی شارەکە هەستیان بە بومەلەرزەکە کردووە، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی و ماددیی لێنەکەوتووەتەوە.

ڕۆژی چوارشەممە 23/5/2025، بومەلەرزەیەکی بەهێز بە گوێی 6.2 پلە بە پۆوری ڕیختەر، ناوچەکانی نزیک دەریای مەرمەرە-ی لە تورکیا هەژاند و دانیشتووانی ئیستانبوڵ و چەند پارێزگایەکی دراوسێی تورکیا، هەستیان بە بومەلەرزەکە کرد.